# كاریگەری ستراتیجی فێركردنی هەرەوەزی لە گەشە پێدانی زیرەكی لەلای قوتابیانی پۆلی چوارەمی بنەڕەتی لە بابەتی زانست بۆ هەموان

**م. شادمان ایوب طیب**
زانكۆی سلێمانی/ كۆلێجی پەروەردەی بنەڕەت
shadman.taib@univsul.edu.iq

**م. ڕۆشنا صدیق محمد**
زانكۆی سەلاحەدین/ كۆلێجی پەروەردەی بنەرەت

**پوختەی توێژینەوەكە**

ئامانج لەم لێكۆڵینەوەیەدا دۆزینەوەی كاریگەری ستراتیجی فێركردنی هەرەوەزییە لە گەشە پێدانی زیرەكی لەلای قووتابیانی پۆلی چوارەمی بنەڕەتی لە بابەتی زانست بۆ هەموان، توێژەران ڕێبازی ئەزمونگەرییان بەكارهێناوە لە بەر گونجاوی ئەو ڕێبازە لەگەڵ سروشتی توێژینەوەكەدا، نموونەی توێژینەوەكە پێكهاتووە لە (٤٢) قوتابی لە هەردوو ڕەگەز، دابەشكران بەسەر دوو كۆمەڵەدا بەجۆرێك هەر (٢١) قوتابیەك لە كۆمەڵێەك دانرا.

توێژەران هاو سەنگیان بۆ هەردوو كۆمەڵەكە ئەنجامدا لە تاقیكردنەوەی پێشەكی بۆ گۆڕاوەی(زیرەكی)، پاشان قوتابیەكان دابەشكران بۆ دوو كۆمەڵە، كۆمەڵەی یەكەم كۆمەڵە (ئەزمونگەری) كە وانەیان بە ڕێگەی فێركردنی هەرەوەزی خوێند، كۆمەڵەی دووەم كۆمەڵەی (كۆنترۆڵكار) كە هەمان بابەتیان بە ڕێگەی ئاسای (باو) خوێندووە.

ماوەی ئەنجامدانی پرۆگرامەكە (٦) هەفتەی خایاند بە جۆرێك (٤) وانە لەیەك هەفتەدا دەخوێندرا، دوای كۆتایهاتنی پرۆگرامەكە تاقیكردنەوەی پاشەكی بۆ گۆڕاوەی زیرەكی بۆ هەردوو كۆمەڵەكە ئەنجامدرا.

توێژەران ئەم ئامرازە ئامارییانەیان بەكارهێناوە: ناوەندە ژمێری و لادانی پێوەری و تاقیكردنەوەی تائی بۆ دوو كۆمەڵەی سەربەخۆ كە لە ژمارەی نموونەكاندا هاووتان.

لە ئەنجامی توێژینەوەكە گەشتین بەم دەرەنجامەی خوارەوە:

-ستراتیجی فێركردنی هەرەوەزی سەركەوت بەسەر شێوازی ئاسایی (باو) لە گەشەپێدانی زیرەكی لە تاقیكردنەوەی زیرەكی.

وشە ئاماژەدارەكان: ستراتیجی فێركردنی هەرەوەزی، گەشەپێدان، زیرەكی.



***JZSB*** p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

**ملخص**

يهدف البحث الحالي إلى الكشف عن أثر استراتيجية التعلم التعاوني في تنمية الذكاء لدى تلامذة الصف الرابع الاساس في مادة العلوم للجميع، أستخدم الباحثان المنهج التجريبي لملاءمته طبيعة البحث، و أشتملت عينة البحث على (٤٢) تلامذة، تم توزيعهم على مجموعتين بواقع (٢١) تلامذة لكل مجموعة.

وتم إجراء التكافؤ بينهم في متغير (الذكاء)، وبعد ذلك تم تقسيم تلاميذ إلى مجموعتين، المجموعة الأولى التجريبية التي درست على وفق (إستراتيجية التعلم التعاوني)، و المجموعة الثانية الضابطة التي درست وفق (الأسلوب التقليدي).

استغرق تنفيذ البرنامج (٦) أسابيع، بواقع (٤) وحدة تعليمية في الأسبوع، وبعد الإنتهاء من البرنامج أجري الاختبار البعدي لمتغير (الذكاء).

أستخدم الباحثان الوسائل الإحصائية الأتية: الوسط الحسابي و الإنحراف المعياري و إختبار التائي للعينات متساوية العدد.

في ضوء نتائج البحث، توصل الباحثان إلى الاستنتاجات الأتية:

-تفوق إستراتيجية التعلم التعاوني على ألاسلوب التقليدي في تنمية الذكاء في الاختبار البعدي.

الكلمات الدالة: إستراتيجية التعلم التعاوني، تنمية، الذكاء.

**کێشەی توێژینەوە:**

لەپرۆگرامی کۆندا تەنها گرنگی بەلایەنی ژیری خوێندکاران دەدرا مامۆستا تەنها ئامانجی گەیاندنی پرۆگرامەکە بوو بۆ خوێندکاران بەڵام لە پرۆگرامی نوێدا گرنگی بەهەموو لایەنەکانی جەستەیی و ژیری و دەرونی و کۆمەڵایەتی خوێندکاران دەدرێت هەروەها شانبەشانی پرۆسەی فێرکردن پێویستە مامۆستا گرنگی بەبواری پەروەردەکردن بدات، رێگاکانی وانە وتنەوەی کۆن ناتوانێت ئەم ئامانجە بەدیبهێنێت کە پرۆگرامی نوێ گرنگی پێدەدات، پەروەردەوفێرکردن بنچینەی بنەڕەتی پێشکەوتنی هەرکۆمەڵگایەکە لەم ڕوانگەیەوە گرنگە بنۆڕینە پەروەردە ی کۆمەڵگا لە ڕابردوودا وچۆنێتی وتنەوەی بابەتەکانی خوێندن لەلایەن مامۆستایانەوە وەك داینەمۆی پرۆسەی فێرکردن.

بەهۆی هەژاری و کەمی و نەبونی پێویستیە بنەڕەتییەکانی لە خوێندنگەدا لەڕابردوودا مامۆستا چەقی پرۆسەکە بوو وەزیاتر بەلایەنی توندوتیژی و زەبروزەنگ بەرادەیەك کار گەیشتە سەر بریندارکردنی خوێندکار و وێڕای توندو تیژی دەرونی و شکاندنی کەسایەتی منداڵ و ڕەچاونەکردنی کەمترین ماف و پرەنسیپی مرۆیی، بەڵام فێرکردنی نوێ ئاماژە دەکات بەوەی کە دەبێت خوێندکار چەقی فێرکردن بێت.

لەبەر هەستکردنمان بەم کێشەیە و پێویست بوونی بابەتی زانستەکان بە ستراتیج و ڕێگای نوێیە بۆئەوەی بتوانرێت بەباشترین شێوە زانیارییەکان بگاتە لای خوێندکار بۆیە بڕیارماندا بە ئەنجامدانی توێژینەوەیەك لەسەر (کاریگەری و بەکارهێنانی ڕێگاکانی فێرکردنی هەرەوەزی لەگەشەپێدانی زیرەکی لەلای خوێندکارانی قۆناغی چوارەمی بنەڕەتی لەبابەتی زانستەکان).

**گرنگی توێژینەوە:**

چەمکی پەروەردە بەهەمان شێوەی چەمکی (ئازادی، فەلسەفە، بەختەوەری) ئاوێتەی تەم و مژێکی ئێجگار زۆربووە بەڕادەیەك تێگەیشتنیکی سەراپاو گشتگیری ئەم چەمکە بۆتە کارێکی سەخت و دژوار ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ چەندین کاریگەری و فاکتەری تێکەڵاو هەندێکیان دێرینەن وەك بارودۆخی تایبەتی هەر کۆمەڵگا یەك و بەرەنگاربوونەوەکانی و ئاستی بەرەو پێشچوونی ئەو کۆمەڵگایە هەندێکی دیکەش پەیوەستن بە ئایندەوە وەك ئەوەی تاکە کەسەکان چ چاوەڕوانیەکیان لەو داهاتووەدا هەیە و دەبێت چ شتێك بهێنێتەدی.

تێگەیشتنی نوێ بۆ پەروەردەو گەشەکردن و پێشکەوتن و بەرزبونەوە و زیادکردن وبەرەو باش بوون دەگرێتەوە ئەم زیادکردنەش ماوەیەکی دیاریکراو و سنوردار ناگرێتەوە بەڵکو چاودیری و گەشەکردنێکی بەردەوامە لەهەموو کات و قۆناغە جیاوازەکانی تەمەن هەر لەبەر ئەمە دەبینین پەروەردە شێوازو ڕێگەی جۆراو جۆر لەخۆ دەگرێت چونکە بەپێی ئاستی گەشەکردن وتەمەن و بارودۆخی کەسەکان و پێداویستیەکانیان دەگۆڕێت بۆیە گەیشتن بە پەرەسەندنێکی بایەلۆژیانەی هاوسەنگ واتە ئامانجی چەندایەتی پەروەردە دەدات بەدەستەوە بەڵام ئامانجی چۆنایەتی لە هێنانەدی گەشەی عەقڵی سۆزداریدا خۆی دەبینێتەوە. (محمد،٢٠٠٣:٢٣).

زانست هەروەك سەربەستی دە سەندرێت نادرێت واتە دەبێت خوێندکار زۆر چالاك بێت لەوەی کە خۆی بگەڕێت بەدوای زانیاریدا و بەتەنگ خوێندنەکەیەوە بێت، مامۆستا ناتوانێت زانست بدات بەڵکو دەتوانێت کەشێکی زانستی لەبار دروست بکات کە قوتابی تیایدا زانست لە مامۆستا، لە کۆمەڵ، لەبازاڕی کار، لەپەرتوك، لە بڵاوکراوە ولە ئەنتەرنێتەوە بەدەست بهێنێت، فێربوون و وەرگرتنی زانست دەبێت لەکەشێکی کراوەو شەفافدا ڕوبدات ئەتمۆسفیرێکی ڕێگە پێدەر دەرگا ئاوەڵا بکات لەسەر ویستی قووتابیان بۆ فێربوون و بەهێزکردنی توانایان لەدەست پێشخەریکردن و خوێندن و فێربوون دەبێت وا لە قوتابی بکات کەبەرامبەر کێشەکان بوەستن و توانای دروستبوونی دۆزینەوەی چارەسەری کێشەیان تێدا فراوان بکات. (قەرەداغی، ٢٠٠٧: ٧).

ڕێگاکانی وانە وتنەوە گرنگیەکی تایبەتی هەبووە و هەیەتی لەکرداری وانە وتنەوەی پۆلدا، هەروەها پەروەردەکاران بەشێکی گەورەی هەوڵەکانیان لەتوێژینەوەدا بەدرێژایی سەدەی ڕابردوو لەسەر ڕێگا جیاوازەکانی وانە وتنەوەو سودەکانی چڕکردۆتەوە لە بەدیهێنانی دەرهاویشتە فێرکارییە خوازراوەکان لەلایەن خوێندکاران لە قۆناغە جیاوازەکانی خوێندندا. ئەم بایەخدانە بە ڕێگاکانی وانە وتنەوە بە هۆی بڵاوبونەوەی وتەی (مامۆستای سەرکەوتوو ئەو کەسەیە کە ڕێگای وانە وتنەوەکەی سەرکەوتووە). (مرکز نون،٢٠١١: ٥٣)

ڕێگای وانە ووتنەوە ئامرازێکە مامۆ ستا دەیگرێتە بەر بۆ گەیاندنی ئەزموون و شارەزاییەکان بە فێرخوازەکانی لە هەر وانەیەك لە وانانەی دەیڵێتەوە، هەر بۆیە ئەم کردارە بە وێنەی پلانێکە کە مامۆستا دایدەنێت پێش چوونە پۆلی خوێندن و کاردەکات بۆ جێبەجێکردنی لە نێو پۆلی خوێندندا.(عزیز،٢٠١٤: ١٤)

پرۆســەی فێرکردن بە شــێوەیەکی گشــتی و لە ناویاندا بابەتی زانســتەکان بە تایبەت، تەنها خۆی نابینێتەوە لە گوا ستنەوەی زانیاری بۆ قووتابی، بەڵکو پرۆ سەیەکی گە شەپێدانی کە سێتی قووتابیە لە سەرجەم لایەنەکانی (ژیری، جەستەی، جوڵەی).

بۆیە گرنگترین بنەمایەك لە ووتنەوەی زانســتەکاندا ئەوەیە وا لە خوێندکار بکرێت کە چۆن بیربکاتەوە نەك چۆن لەبەر دەکات، بۆیە مامۆستا بە ڕەگەزی سەرەکی جێبەجێکردنی ئەم ئەرکە دادەنرێت لەگەڵ بەجێهێنانی ئەو ئامانجەی کە مەبەستە، بە واتایەکی تر باشترین پرۆگرامی خوێندن و ئامرازی فێرکاری و چالاکی زانستی، ڕەنگە نەتوانێت ئەو ئامانجە پەروەردەییانە بهێنێتە دی ئەگەر مامۆستایەکی لێهاتوو شارەزا لە ڕێگاکانی وانەووتنەوە نەبێت کە قەرەبووی ئەو کەم و کوڕی و خەوشانەی ئەو پرۆگرامە بکاتەوە.

ڕێگای فێرکردنی هەرەوەزی بە یەکێك لە ڕیگاکانی وانە ووتنەوە دادەنرێت بۆ یارمەتی دانی تاکەکان و ڕاهێنانیان بۆ چارە سەرکردنی کێشەکانیان بە ڕێگایەکی داهێنەرانە لە چوار چێوەی کۆمەڵەیەکدا، بیرکردنەوەی کۆمەڵێك با شترە لە بیرکردنەوەی تاکی، وە ئەو بەرهەمەی کۆمەڵێك بە دەســتی دەهێنێت بە ڕێگەی هەرەروەزی بە چەند کاتژمێرێکە بەڵام تاك بە چەند مانگێك بە دەستی دەهێنێت. (سلیم، ٢٠١١: ٢٤٨)

گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەم خاڵانەی خوارەوەدا دەخەینە ڕوو:

١. ئەم توێژینەوە یە گرنگی پەروەردەیی هە یە لە بەر ئەوەی توێژینەوە یەکی پراکتیکیە، کە تێیدا ڕێگە یەك خراوەتە ڕوو کە یارمەتی گەشـەی زیرەکی دەدات لە لای قووتابیانی قۆناغی چوارەمی بنەڕەتی لە بابەتی زانسـتەکان وە تائێستا لە هەرێمی کورد ستان بە پێی ئەو زانیارییانەی توێژەران هەیانە هیچ توێژینەوەیەك لەم قۆناغەدا نەکراوە کە هاوشێوەی توێژینەوەی ئێستا بێت.

٢. لە عێراق و هەرێمی کوردسـتان بە تایبەتی پێویسـتمان بە توێژینەوەی زیاترە کە پەیوەندی بە گەشـەپێدانی زیرەکیەوە هەبێت لە بابەتی زانستەکان.

٣. ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە بەرپرسـانی کۆلێژە پەروەردەییەکان وا لێبکات چاو پیاخشـانەوە بە هەندێ لە پرۆگرامەکانی ئامادەکردنی مامۆستا بکات بە بەکارهێنانی ستراتیجی نوێ لە وانە ووتنەوە.

٤. ئەم توێژینەوەی یارمەتیدەرە بۆ توێژەران بۆ بەکار هێنانی ئەم سـتراتیجییە لە گەشـەپێدانی جۆرەکانی زیرەکی لە گۆشە جیاوازەکانەوە.

**ئامانجی توێژینەوە:**

کاریگەری ستراتیجی فێرکردنی هەرەوەزی لەگەشەپێدانی زیرەکی لەلای خوێندکارانی قۆناغی چوارەمی بنەڕەتی لەبابەتی زانستەکان.

**گریمانەی توێژینەوە:**

(جیاوازییەك نیە لە ئا ستی ئاماری [٠،٠٥] لە نێوان ناوەندی جیاواز نمرەکانی هەڵسەنگاندنی زیرەکی لای قوتابیانی کۆمەڵی تاقیکراوە کە وا خوێندوویانە بە پێی ستراتیژی فێرکردنی هەرەوەزی وە قوتابیانی کۆمەڵی کۆنترۆڵکراو کەوا خوێندوویانە هەمان بابەت بە ڕێگەی ئاسایی).

**سنوری توێژینەوە:**

أ- لایەنی مرۆیی/خوێندکارانی قۆناغی چوارەمی بنەڕەت

ب- شوێن/قوتابخانەی ڕەفیق حلمی لەپارێزگای سلێمانی

ت- کات/ساڵی خوێندنی (٢٠١٩ – ٢٠٢٠).

**پێناسەی زاراوەکان:**

یەکەم /ستراتیژی (مصطفی، ٢٠٠٥)

بریتییە لە کۆمەڵێك هێڵی دورو درێژ کرداری فێربوون و ڕێنمایی ئاڕاستە دەکات هەروەها ئاڕاستەو ڕێچکەی کاری مامۆستا دیاری دەکات لەکاتی وانە ووتنەوەدا بەشێوەیەکی ڕێك و پێك و یەك لەدوای یەك بەمەبەستی بەدیهێنانی ئامانجە فێرکارییەمان کەپێشتر دیارە کراون. (مصطفی، ٢٠٠٥: ٦٨)

دووەم /فێرکردنی هەرەوەزی: (السید، ٢٠٠٣)

شێوازێکە لە شێوازەکانی فێربوون و فێرکردن ئەنجام دەدرێت بەپێی دابەشکردنی قوتابیان بەسەر کۆمەڵەی بچوکدا بەجۆرێك هاوکاری یەکتری دەکەن بۆ بەدەستهێنانی ئامانجێکی هاوبەش. (السید، ٢٠٠٣: ٢٩).

پێناسەی پراکتیکی بۆ فێرکردنی هەرەوەزی:

شێوازێکی نوێی فێرکردنە کە خوێندکار چەقی پرۆ سەی فێرکردنەومامۆ ستا ڕۆڵ سەرپەر شتیکردن و هاندان و و روژاندنی بیری خوێندکاران وهاندانیانە بۆهاوکاری یەکدی و ئەنجامدانی کاری پێکەوەیی.

سێیەم /زیرەکی: (قەرەچەتانی،٢٠١١)

زیرەکی بریتییە لەتوانای سوود وەرگرتن لە شارەزایی و لێهاتوویی و زانیاری ڕابردوو بۆ چارەسەرکردنی گرفتەکانی ئیستا و داهاتوو واتە گرفتە نوێیەکان. (قەرەچەتانی، ٢٠١١: ٢٧٩)

پێناسەی پراکتیکی بۆ زیرەکی:

بریتییە لەو نمرانەی کە قوتابیانی توێژینەوەکە بەدەستی دەهێنن لەئەنجامی وەڵامدانەوەیان بۆ پێوەری زیرەکی.

**چوارچێوەی تیۆری و توێژینەوەکانی پێشوو**

**جۆرەکانی پێوانەکاری زیرەکی:**

لێرەدا چەند جۆرێك لە پێوەر ئاشکرا دەکەین کە لەتوانایدایە پێوانەی شێوازی هەڵسوکەوتی باوکانە لەگەڵ منداڵانی بەهرەدار و پێوانە وتاقیکردنەوانەی پێوانەی بەهرە دەکات لای مناڵ لەوانەش:

١ – تاقیکردنەوەکانی ویکسلر

٢ – پێوانەکاری ستانفورد – بینیە

٣ – پرۆگرامی (کورت) بۆ فیربوون لە ئاستی بیرکردنەوە و ناسینەوەی بەهرەداران

٤ – پاتری تورانس بۆ داهێنان

٥ – نموونەی هیلدا تابا بۆ پەرەپێدانی تواناکانی بیرکردنەوە. (ویکسلر،٢٠٠٣: ٤).

پێوانەکاری ویکسلر- بیلفو بۆ زیرەکی:- لەگەڵ هاتنی جەنگی یەکەمی جیهانی سەرهەڵدانی گرنگی پێداویستی تاقیکردنەوە بەکۆمەڵەکان بەدەرکەوت تاقیکردنەوەکانی (ألفا، وبیتا) یەکەمیان زارەکی و ئەوی تریان زارەکی نەبوو، هەروەها بەدەرکەوت تاقیکردنەوەی بەکۆمەڵ بۆ پێوانە کردنی ئامادەباشی بۆ چوون بۆ قوتابخانە لە ڕووی زارەکی و بڕی بیرکاری یەوە، وە لە دوای جەنگی دووەمی جیهانیەوە لە گەڵ بەدەرکەوتنی پێوانەکاری ستانفورد – بینیە (دیفید ویکسلر) هەستیکرد بەوەی (تاقیکردنەوەی پێوانەکاری یان پرسیارەکانی کە پۆلێن دەبێت بەسەر تەمەنە جیاوازەکان جیاوازی هەیە لە تەمەنێکەوە بۆ تەمەنێکی تر). (تیرمان) زۆر گرنگی پێنەدا، لە بەر ئەوەی پێی وابوو هەموو (تاقیکردنەوەکان) پێوانەکارێکن بۆ هەمان گۆڕاو کە ئەویش زیرەکی یە. بەڵام ویکسلر پێی وایە ئەنجامێکی ترسناکە ئەگەر بمانەوێت پێوانەی هەمان توانای ژیری لە هەموو تەمەنەکان بە بەکارهێنانی هەمان بابەت ئەنجام بدەین. ویکسلر ئاگاداربووە وە لەوەی کە بەربەستی جیاوازی زۆر هەیە لەم ڕێبازەدا، لەوانەش ڕاستگۆیی ڕووکەش بۆ بابەتەکە وەك ئەوەی کەسی پشکنراو پەسەندی دەکات دەگۆڕێت بەپێی تەمەنیان. (یاسین، ١٩٨١:٣٤-٣٥).

پێوانەکاری ویکسلر بۆ زیرەکی تەنها پێوانە نیە بۆ پێدانی نمرەی پێوانەی بۆ زیرەکی، بەڵکو لە هەمان کاتدا بەکاردێت وەك پشکنینێك بۆ ناوچە هەستەوەرەکانی پرۆسەی زانینی لای منداڵ نەوەی چوارەم توانایەکی زۆر پێشکەش دەکات بۆ هەڵسەنگاندن لەگەڵ جۆرە جیاوازەکانی ڕۆشنبیری وە لە هەمان کاتدا هەوڵدەدات بۆ لابردنی تەم ومژ لەسەر ئەو ناوچە زانینیانەی بەرپرسە لە قورس فیربوون لای منداڵ.

هەڵسەنگاندنی ویسکلر (٤) تەواوە لە بەر ئەوەی لەسەر تازەترین توێژینەوەکانی بواری دەرونزانی زانینی دانراوە، هەروەها هەڵسەنگاندنە ڕۆشنبیریەکان، زیاتر لە مانەش ڕێگا دەدات بە گۆڕانکاری چاکسازی لە ئەرکەکانی پێوانەکاری بەشێوەیەك ڕێگا دەکاتەوە بۆ پێشکەش کردنی هەڵسەنگاندنێکی قوڵتر لای منداڵ،وە لێرەوە ڕێگا دەدات بە زیادکردنی زانیاریمان لە سەر ئاستی توانای منداڵ بۆ چاکبوون هەروەها ئاراستەی تاقیکردنەوە لاوەکیەکان بەشێوەیەکی ڕوون و زانستی بۆ دیاریکردنی خاڵە بەهێز و لاوازەکانی لە پرۆسەی زانینی لای منداڵ هەروەها جیاوازی تاکایەتی کەکار دەکاتە سەر توانای لە جێبەجێکردنی چارەسەری کێشەکان،وەلەکۆتایدا ئەمانەش یارمەتیدەرن بۆ دارشتنی پلانی ستراتیژی بۆ پرۆسەی فیربوون. (ویکسلر،٢٠٠٣: ٤).

جێی ئاماژە پێکردنە کە ئەم پێوانەکارەی ویکسلر بۆ زیرەکی منداڵ پوختەیە بەسێ قوناغدا تێپەڕیوە ئەوانیش:-

١ – قوناغی پێوانەکاری ویکسلر بلیفو " ١ " ساڵی ١٩٣٩، وپێوانەکاری بلیفو "١١" ساڵی ١٩٤٤.

٢ – قوناغی پەرەپێدانی ویکسلر بۆ پێوانەی زیرەکی لە ئەنجامی سەرکەوتنی پێوانەکاری ویکسلر بلیفو.

٣ – قوناغی پەرەپێدانی پێوانەکاری ویکسلر کە نموونەی پوختەکراوی بڵاو کرایەوە ساڵی (١٩٧٤)

کرداری پوختە کردنەکەی لە ئەنجامی سـوود وەرگرتن بوو لەو توێژینەوانەی کە بڵاوکرانەوە بە درێژای ماوەی بیسـت و پێنج سـاڵ، وە وێنەی پوختەکراوەکەی پێکهاتبوو لە ٧٢% لە کۆی بڕگە سـەرەکیەکان، وە لە ٦٤% مایەوە بێ دەستکاری و ٨% گۆڕانکاری بنەڕەتی بەسەرداهات.

ناساندنی پێوەرەکە بە شێوە ئەمریکیەکەی:-

١ – ئامانج لە پێوانەکارییەکە:- پێوانەکردنی توانای ژیری.

٢ – مەبەستی پێوانەکار:- زیرەکی گشتی

٣ – ئاستی تەمەن:- ٦ – ١٧ ساڵ

٤ – نمرەی پێوانەکار:-

- نمرەی زیرەکی زارەکی
- نمرەی زیرەکی نمایشکردن
- نمرەی زیرەکی گشتی

٥ – کاتی پێویست بۆ جێبەجێکردنی تاقیکردنەوە:- ٥٠ – ٧٥ دقیقە

٦ – کاتی پێویست بۆ شیکاری ئەنجام:- ٣٠ – ٤٠ دقیقە (ویکسلر،٥:٢٠٠٣- ٦)

**تەوەری دووەم: توێژینەوەکانی پێشوو**

دوای بە دواداچوونی توێژەران بە لێکۆڵینەوەکانی پێشــوو توێژینەوەی هاوشــێوەی توێژینەوەمان لە هەبوونی هەمان گۆڕاوە بەردەســـت نەبوو، بۆیە ئاماژە بە چەند توێژینەوەیەکی پێشــوو ئەکەین کە بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەکەمان سوودی لێوەرگیراوە:

**یەکەم: ئەو توێژینەوانەی پشنیارکراون لەسەر ستراتیجی فێرکردنی هەرەوەزی دەکەن**

| ناوی توێژەر | ناونیشانی توێژینەوە | ژمارەی بەشداربووان و قۆناغی خوێندنیان | شێوازی بەکارهاتوو | ئامرازی ئاماری | ئەنجام |
| --- | --- | --- | --- | --- | --- |
| مـــراد ٢٠١١ | کاریگەری فێربونی هەرەوەزی لەسەر دەستکەوتی قوتابخانەو ئارەزوی خوێندنی بابەتی بیرکاری بۆ ئەو قوتابیانەی لە خوێندن دواکەوتون | 50خوێندکار لە قۆناغی ناوەندی | فێرکردنی هەرەوەزی | مـــراد ٢٠١١ | کاریگەری فێربونی هەرەوەزی لەسەر دەستکەوتی قوتابخانەو ئارەزوی خوێندنی بابەتی بیرکاری بۆ ئەو قوتابیانەی لە خوێندن دواکەوتون |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| عـمـر ٢٠٠٠ | کاریگەری فێربونی هەرەوەزی لەسەر فێرکردن و پاراستنی زانست لەلایەن قوتابیانی کۆلیژی مامۆستایان لە (ڕیاز) بۆ چەمکەکانی فیزیا | 42خوێندکار کۆلیژی مامۆستایان لە (ریاز) | فێرکردنی هەرەوەزی | عمر ٢٠٠٠ | کاریگەری فێربونی هەرەوەزی لەسەر فێرکردن و پاراستنی زانست لەلایەن قوتابیانی کۆلیژی مامۆستایان لە (ڕیاز) بۆ چەمکەکانی فیزیا |

**دووەم: ئەو توێژینەوانەی پێشترکراون لەسەر زیرەکی**

| ناوی توێژەر | ناونیشانی توێژینەوە | ژمارەی بەشداربووان و قۆناغی خوێندنیان | شێوازی بەکارهاتوو | ئامرازی ئاماری | ئەنجام |
|---|---|---|---|---|---|
| الاسطل ٢٠١٠ | زیرەکی سۆزداری و پەیوەندی بەکارامەیی بەرەنگاربونەوەی پەستانەکان لای خویندکارانی کۆلیژەکانی پەروەردە لەزانکۆی (غەزە)لە فەلەستین. | ٤٠٣ خوێندكار لة قۆناغی زانكۆ | کارامەیی بةرةنطاربونةوةی ثةستانةكان زیرەکی سۆزداری | بەرنامەی SPSS | جیاوازی هەیە لەنێوان زانکۆی ئیسلامی و زانکۆی ئەزهەر لەکارامەیی هەستکردن بەبەرپرسیارێتی چارەسەری کێشەکان پلەی تەواوی بۆ پێوانەی کارامەیی بەرەنگاربونەوەی پەستان، جیاوازیەکان لە بەرژەوەندی زانکۆی ئەزهەربوو، جیاوازی هەبوو لەنێوان زانکۆی ئیسلامی و زانکۆی (أقصى) لەکارامەیی چارەسەری کێشەکان و بڕیاردان لەبەرژەوەندی زانکۆی (أقصى) بوو. |



***JZSB*** p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| رابـــع ٢٠١١ | زیرەکی ویژدانی کارکەران لە هەندێ زانــکــۆکــان لــە ویلایەتی (خرطوم) لەسودان. | 140خوێندکار زانکۆ | زیرەکی ویژدانی | بەرنامەی SPSS | جیاوازی نیە لە زیرەکی ویژدانی خوێندکارانی هەندێك زانکۆ ئەگەڕێتەوە بۆ گۆڕانی جۆری _ پلەی زانستی هیچ پەیوەندیەك هاو پەیوەست نیە لەنێوان زیرەکی و ویژدانی و تەمەنی خوێدکارانی هەندێك لە زانکۆکان. |

**ڕێکارەکانی توێژینەوە:**

شێوازی ئەزموونگەری: بریتیە لە ڕێگەی دابەشکردنی ئەندامانی نمونەی توێژینەوە بەسەر حاڵەت و بارو دۆخی تاقیکاری بە پێی جۆری پرسیاری توێژینەوەکە کە دەمانەوێت تاقی بکەینەوە. (اللويحان، ٢٠١٤:١)

بەکارهێنەرانی دیزاینی ئەزموون گەری دوو کۆمەڵەی و دوو تاقیکردنەوەی پێشەکی وپاشەکی لە خۆ دەگرێت ئەوەش بۆ زانینی کاریگەری گۆڕاوی سەربەخۆ لەسەر گۆڕاوی شوێنکەوتوو لەکاتی بەراوردکردنی ئەنجامەکان.

خشتەی ژمارە (١)

دیزاینی توێژینەوەکە

| کۆمەڵەکان | گۆڕاوی شوێنکەوتوو | گۆڕانی سەربەخۆ | پێوەر |
|---|---|---|---|
| تاقیکاری | زیرەکی | ستراتیجی فێرکردنی هەرەوەزی | ئاستی گەشەی زیرەکی |
| کۆنترۆڵکراو | | ڕێگای ئاسایی | |

**کۆمەڵگاو سامپڵی توێژینەوە:**

أ_ دیاری کردنی کۆمەڵگەی توێژینەوە:

١- کۆمەڵگای خوێندنگاکان پێك دێت لە (٣٧٠) خوێندنگەی ڕۆژی تێکەڵاو لەناو پارێزگای سلێمانی بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠١٩ – ٢٠٢٠).

٢- کۆمەڵگای خوێندکاران: پێکدێت لە (٢١٤٢٥) سەرجەم خوێنکارانی کچ و کوڕ لە خوێنکارانی پۆلی چوارەمی بنەڕەتی لەشاری سلێمانی.

ب_ سامپڵی توێژینەوە:

سامپڵی توێژینەوە لەسەر خوێندکارانی پۆلی چوارەمی بنەڕەتی لە خوێندنگەی (رفيق حيلمی) بنەڕەتی تێکەڵاو سەر بەبەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی پارێزگای (سلێمانی) بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠١٩ – ٢٠١٢٠). بەمەبەست لەبەر بونی

دوو لقی (أ _ب) ئاسانكاری كردبۆ توێژەرەكان لەهەڵبژاردنی كۆمەڵەكانی توێژینەوەكە ڕێگەی هەڕەمەكی سادە، وەلقی (ب) كۆمەڵەی تاقیكاری كەسەیركراوە لەسەر ستراتیجی فێركردنی هەرەوەزی وە ژمارەی خوێندكاران (٢١) خوێندكاری كوڕو كچە، وە لقی (أ) كۆمەڵەی كۆنترۆڵكراو بوو كە دراسەكراوە لەسەر بنەمای ئاسایی كە ژمارەی خوێندكاران (٢١) خوێندكاری كوڕو كچە.

خشتەی ژمارە (٢)

دابەشكردنی سامپڵی لێكۆڵینەوە

| خوێندگە | پۆل | لق | كۆمەڵە | گۆڕانی داهاتوو | ژمارەی خوێندكاران | ژمارەی خوێندكارانی دورخراوە | ژمارەی خوێندكاران دوای دورخستنەوە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| (رفیق حلمی) بنەڕەتی لەناوەندی پارێزگای سلێمانی | چوارەم | أ | كۆنترۆڵكاری | ڕێگای ئاسایی | 21 | / | 21 |
| | | ب | تاقیكاری | ستراتیجی فێركردنی هەرەوەزی | 21 | / | 21 |
| كۆمەڵە | | | | | 42 | سفر | 42 |

**هاوسەنگی كۆمەڵەكانی توێژینەوە:**

لەبەر ئەوەی هەڵبژاردنی لێكۆڵینەوە كە بەڕێگەیەكی هەرەمەكی سادەیە، پێویستە كۆمەڵەكانی لێكۆڵینەوەكە هاوسەنگ بێت وە گۆڕانكاریەكان ڕێكخراوە كەلەوانەیە كاریگەری هەبێت لە ئەنجامەكانی لێكۆڵینەوەكە لەوانە (تاقیكردنەوەی زیرەكی پێشەكی) لەخوارەوە هاوسەنگی گۆڕانكاریەكانی كۆمەڵەكانی لێكۆڵینەوەكە ڕوندەكەینەوە:

**تاقیكردنەوەی زیرەكی**

لە خشتەی (٥) ی لای خوارەوە ڕوون دەبێتەوەو كۆمەڵەی توێژینەوەی هاوتایی ئاماری لە تاقیكردنەوەی زیرەكی تێدا نیە. دەركەوت ئەنجامەكان و دەركەوتەكانی تاقیكردنەوەی (تائی T. Test) هەردوو سامپڵی سەربەخۆ بۆ زانینی نیشانەی جیاوازی ئامار ی لە نێوان نمرەی خوێندكارانی دوو كۆمەڵەكە،ئەو جیاوازیە مەبەستی لە نیشانەی ئامار لە ئاستی نیشانەی (٠,٠٥) نییە،وە ئەمە نیشانی ئەدات كە خوێندكارانی دوو كۆمەڵە هاوتا ئامارییەكە لە تاقیكردنەوەی زیرەكی وەك لە خشتەی ژمارە (٥) ی لای خوارەوە دیارە:



***JZSB*** p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

خشتەی ژمارە (٥)

نرخی هاوتای نێوان خوێندکارانی هەردوو کۆمەڵەی (تاقیکار و کۆنترۆڵکار) لە هەڵبژاردنی زیرەکی:

| لایەنەکانی پێوەری زیرەکی | کۆمەڵەکان | ژمارەی تاکەکان | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | نرخی ت هەژمار کراو | نرخی ت خشتەیی | نمرەی سەربەست | نیشانە لە ئاستی (٠،٠٥) |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| پێوەری زیرەکی زانیاری گشتی | تاقیکراو | ٢١ | ٢٠،٠٩٥ | ٤،٠٣٦١ | ٠،٧٦٦ | ٢،٠٢١ | ٤٠ | ئاماژەدارنییە |
| | کۆنترۆڵکراو | ٢١ | ٢٠،٤٢٨ | ٣،٤٢٨ | | | | |
| وەرگرتن | تاقیکراو | ٢١ | ٩،٧٦١ | ١،٧٠٠ | ٠،٩٤١ | ٢،٠٢١ | ٤٠ | ئاماژەدارنییە |
| | کۆنترۆڵکراو | ٢١ | ٩،٨٠٩ | ٢،٥٦١ | | | | |
| ژماردن | تاقیکراو | ٢١ | ١٠،٦١٩ | ٢،٢٦٨ | ٠،٣٨١ | ٢،٠٢١ | ٤٠ | ئاماژەدارنییە |
| | کۆنترۆڵکراو | ٢١ | ٢،٤٠٨ | ٢،٤٠٨ | | | | |
| تاکەکان | تاقیکراو | ٢١ | ٤٨،٤٢٨ | ٧،٦٨٤ | ٠،٣٨٢ | ٢،٠٢١ | ٤٠ | ئاماژەدارنییە |
| | کۆنترۆڵکراو | ٢١ | ٤٥،٧٦١ | ٨،٨٨٧ | | | | |
| دووبارەکردنەوەی ژمارەکان | تاقیکراو | ٢١ | ٧،٢٣٨ | ٣،٢٢٣ | ٠،٥٦٥ | ٢،٠٢١ | ٤٠ | ئاماژەدارنییە |
| | کۆنترۆڵکراو | ٢١ | ٦،٧١٤ | ٢،٤٧٢ | | | | |

**ئامادەکردنی پلانی وانە ووتنەوە:**

توەێژەران (١٦) پلانی وانە ووتنەوەیان بۆ هەر کۆمەڵەیەك لە کۆمەڵەکانی لێکۆڵینەوە ئامادەکرد. وە پلانیان ئامادەکرد بۆ دوو کۆمەڵەکە بە پشت بەستن بە بنەما سەرەتایی یەکان کە هەبوون لە ستراتیجی فێرکردنی هەرەوەزی، وە بۆ کۆمەڵە کۆنترۆڵکراوەکە پلان ئامادەکرا بە شێوەی ڕێگای ئاسایی، وە نمونە نیشاندرا لەم پلانە لە کۆمەڵێ شارەزا (پاشکۆی ژمارە(١))و وەرگرتنی بۆچوون و پێشنیازەکانیان، وە دەرکەوت کە گونجاوە دوای ئەوەی ڕێژەی ڕازی بوونی شارەزایان (٨٠ %) بوو.

**ئامرازەکانی توێژینەوە**

ئامرازی توێژینەوە بە تاقیکردنەوەی وکسلر بۆ زیرەکی لە دوو وێنەدا:

یەکەم: ووتن

دووەم: کردار

هەڵبژێردرا جۆری یەکەم لە تاقیکردنەوەی وکسلر بۆ زیرەکی لە جۆری ووتن وەك ئامرازێك بۆ توێژینەوە لەبەر ئەوەی ئاسانترین هۆیە دەگونجێت لەسەردەمی سامپڵی توێژینەوە.



*JZSB* p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

ناوەرۆکی تاقیکردنەوە ئەمانەی لای خوارەوە ئەگرێتەوە:

١- پێوەرەکانی وتن (verbal scales)

٢- تاقیکردنەوەی زانیاری گشتی(information test)

ئەم تاقیکردنەوەیە پێکدێت لە سی بڕگەی ڕیزکراوی بەرەو ژوور بە پێی ئاستی قورسی، وە ئەم بڕگانە ماوەیەکی فراوان ئەگرێتەوە لە زانیاری کە ئەتوانێ کاردانەوەی هەبێت بۆ منداڵ وە ئاماژە دەکات بۆ زانیاری یە گشتیە تایبەتیە رۆشنبیریە کۆمەڵایەتیەکان، وە ئەم تاقیکردنەوەیە توانای تێگەیشتن و پێکەوە بەستنی بیر ئەپێوێ، وە دوورخستنەوەی وتن و زاکیرەی ماوە دوور.

٣- تاقیکردنەوە لەیەکچووەکان (similarity test):

بەرامبەر بە یەکتر:ئەمەش چوار بڕگەیە دوو ڕستە دەگرێتەوە، بەمەرجێ ڕستەی دووەم ناتەواوە، وەداوا دەکرێت لەکەسی تاقیکراوە کە تەواوی بکات بە ووشەی گونجاو، بۆ پێوانی پەیوەندی کە ئەیگرێتەوە لە ڕستەی دووەمدا.

لەیەك چووەکان: دوازدە بڕگەیە دوو شت یان دوو بیرۆکە دەگرێتەوە، بەمەرجێ داوا دەکرێت لەوکەسەی کە تاقیدەکرێتەوە لێکچوو لەبەینیاندا بزانێت.

٤- تاقیکردنەوەی بیرکاری (Arithmetic Test):

ئەم تاقیکردنەوەیە پێکهاتووە لە ١٨ پرسیاری بیرکاری بەزارەکی ئەدرێت بەو کەسەی کە تاقیدەکرێتەوە وە داوا دەکرێت لێی کە وەڵام بداتەوە بەبێ بەکارهێنانی پێنووس و کاغەز، وە کاتێکی دیاریکراو بۆ شیکارکردنەکەی دادەنرێت وە ئەم تاقیکردنەوەیە توانای ئەو کەسە دەپێوێت کە چەند پێشکەوتنی بەدەست هێناوە بەهۆی زانینی توانەکای کە هەیەتی لەکارکردن لەگەڵ بیرۆکەکاندا، وە کردارە بیرکارییە جیاوازەکان لەماوەی کە دڵی دابێتێ و ئاگای لێبووبێ.

٥- تاقیکردنەوەی زاراوەکان: ووشەکاری (Vocabulary Test):

ئەم تاقیکردنەوەیە پێکدێت لە(٣٢) زاراوەی ریزکراوی بەرەو ژوور بەپێی ئاستی ڕووت (تجدید)، وە ئەم پێوەرە پێچەوانەی توانای فێربوونە، وە کۆی پشکنینی زانیاری و پێشکەوتنی زمانە لەو کەسەی کە تاقیدەکرێتەوە، وە داوا دەکرێت لەو کەسەی کە تاقیدەکرێتەوە کە بەشێوەی زارەکی گوزارشت بکات لە واتای زاراوەکە.

٦- تاقیکردنەوەی وەرگرتن (Comprehension Test):

ئەم تاقیکردنەوەیە پێك دێت لە ١٧ بڕگەی ڕیزکراوە بەرەو ژوور کە توانای تێگەیشتنی هەڵوێستی ڕەوشت ئەپێوێت، وە زۆربەیان گوزارشت دەکات لە هەڵوێستی کۆمەڵایەتی.

٧- تاقیکردنەوەی گێڕانەوەی ژمارەکان (Digit Test):

ئەم تاقیکردنەوەیە دادەنرێت بە تاقیکردنەوەکانی یەدەك کە پێکدێت لە دوو بەش:-

بەشی یەکەم: پێکدێت لە کۆمەڵێك لە ژمارە کە زۆردەبێت لە (٣- ٩) کە داوای لێدەکرێت بیگێڕێتەوە بۆ هەمان ڕیزکردن کە لەپێشتردا وابووە.

بەشـــی دووەم: پێکدێت لە کۆمەڵێك لە ژمارە کە زۆردەبێت لە ٢- ٨ کە داوای لێدەکرێت بیگێڕێتەوە بۆ هەمان ڕیزکردن کە لەپێشـــتردا وابووە، وەکردنەکەی پێچەوانەی ئەم پێوەرەیە، توانای ئەوکەســـەی تاقیدەکرێتەوە لەســـەر بەئاگابوون لەوانەکەو زاکیرەو لە کورترین کاتدا.

**ڕاستگۆیی ڕووکەشی:**

پیشـانی کۆمەڵێك شـارەزا درا(پاشـکۆی ژمارە(١)) کە هاوڕابوون لە تاقیکردنەوەکە کە داڕێژرابوو بە ڕێگەیەك کە ئەتوانرا منداڵان لێی تێبگەن وە ســـوربوون لەســـەر ئەوەی کە تاقیکردنەوەکە گونجاوە لەگەڵ ژینگەی هەرێمی کوردستان وە تاقیکردنەوەکە جێ بەجێ بکرێت لە بواری خوێندندا.

ج- جێگیری تاقیکردنەوەکان: مەبەســـت لێی وردی تاقیکردنەوەیە لە پێوانەو تێبینی و دژایەتی نەکردن لەگەڵ خۆی، تاقیکردنەوەی جێگیر ئەوەیە کە هەمان ئەنجامەکان دەدات بە (نزیکی) ئەگەر جێبەجێ بکرێت بەســـەر هەمان ئەو کەســـانەدا لە دوو شـــوێنی جیاواز، جێگیری واتا مانەوەو ڕێکی و کاتی دوبارەکردنەوەی پێوانەکە یەك بەرهەم (ئەنجام) ی گونجاو بەدەست دێنێت لەسەر تاکە کەس.

دەرهێنانی جێگیری تاقیکردنەوەی زیرەکی بەڕێگەی گەڕانەوەی تاقیکردنەوە (Re-Test. T) وە ئەم تاقیکردنەوەیە جێبەجێکرا وەك ســـامپڵ بۆ (١٠) خوێنکار وە گەیشـــتە (٨٧%) بەهای کارکردن بە جێگیری تاقیکردنەوەکان کە ئەمەش جێگیریەکی گونجاوە.

**جێبەجێکردنی ئەزموونەکە:**

دوای کۆتایی هاتن بە داواکاریەکانی جێبەجێکردنی ئەم ئەزموونە توێژەران هەستان بە جێبەجێکردنی ئەو پلانەی کە پێشتر دایا ن نابوو.

**جێبەجێکردنی ئامرازەکانی توێژینەوەکە:**

پێوەری زیرەکی جێبەجێکرا بەســـەر قوتابیانی کۆمەڵی توێژینەوەکە پێش دەســـتپێکردن بە ئەزموونەکە ئەوەش بەمەبەســـتی هاوتاکردن لە نێوانیاندا وە دوای کۆتایی هێنانی ئەزموونەکە وە زانینی دوری گەشـــەکردنەکەی کە دەستیان دەکەوێت.

**هۆیەکانی ئامارکردن:**

**بەکارهێنانی بەرنامەی ئاماری spss**

**پیشاندانی ئەنجامەکان:**

لە ژمارە هۆکارەکانی جێگیر بە ڕێگەی گەڕانەوەی تاقیکردنەوەی زیرەکی ئەیگێڕێتەوە ئەم بەشـــە پیشـــاندانی ئەنجامەکان کە گەیشـــتون پێی کە وا ئەنجامەکانی شـــیکارکردووە کە ئەم لێکۆڵینەوەیەی لێ بەدی هاتووە بۆ زانینی پا شماوەی هەردوو ستراتیژی فێرکردنی هەرەوەزی لە گە شەگردنی زیرەکی لای قوتابیانی پۆلی چوارەمی بنەڕەتی لە بابەتی زانســـت بۆ زانینی نیشـــانە جیاوازیەکانی ئاماری نێوانیان. پاشـــان بەدواداچوون و پشـــکنینی ئەنجامەکانی لێکۆڵینەوە و پشـــتگیری لە ئامانجی لێکۆڵینەوە و ســـەپاندنی بۆ جێبەجێکردنی ئەم ئامانجە پشـــتی بەســـتووە بە

توێژینەوەکانی تاقیکردنەوەی تائی (t-test) بۆ نمونە سـەربەخۆکان هۆیەکی ئامارییە بە ئامانجی هەڵسـەنگاندنی نیشـانە جیاوازەکان لە نێوان ئەنجامەکانی دوو کۆمەڵە لە زیرەکی کە وا ڕاڤەکردنی ئەنجامەکان دەگرێتەوە بۆ جێبەجێکردنی سەپاندنی سفری کە ئەمە دەقەکەیەتی:

جیاوازییەك نیە نیشانەی ئاماری هەبێ لە ئاستی نیشانەی (٠،٠٥) لە نێوان ناوەندیجیاوازی نمرەکانی هەڵسەنگاندنی زیرەکی لای خوێندکاران کۆمەڵی تاقیکراوە کە وا خوێندوویانە بە پێی ستـرا تیژی فێرکردنی هەرەوەزی وە خوێندکارانی کۆمەڵی کۆنترۆڵکراوکەوا خوێندوویانە هەمان بابەت بە ڕێگەی ئاسایی) دوای ژماردنی ناوەندی ژماردن و لادانی پێوەری هەردوو کۆمەڵەکە لەبەدەستهاتووی دووری و ژماردنی نرخی تائی و پیاچوونەوەی نرخی خشتەیی لە ئاستی نیشانەی [٠،٠٥] وە بە نمرەی سەربەست (٤٠) وەك زانیارییەخشتەی (٦).

**ڕاڤەی ئەنجامەکان:**

بۆ زانینی کاریگەری ستـراتیجی، فێربونی ستـراتیجی هەرەوەزی لە گەشـەکردنی زیرەکی لای منداڵانی پۆلی چوارەمی بنەڕەتی وانەی زانسـت بۆ زانینی نیشـانەی جیاوازی ئاماری نێوانیان پاشـان لێکۆڵینەوەو دۆزینەوەی ئەنجامی توێژینەوە کە پشـتگیری ئامانجی توێژینەوە پشـت بەسـترا بە هەڵسـەتگاندنی تائی (t-test) بۆ هەردوو نمونەی سەربەخۆی هۆی ئاماری بە ئامانجی هەڵبژاردنی نیشانەی جیاواز لە نێوان ئەنجامی کۆمەڵەکان لە زیرەکی، کە ئەم ئەنجامەی لێ دەکەوێتەوە بۆ ئەنجامدانی گریمانەی سفری کە دەقەکەی:

(جیاوازی نییە لە ئاماری ئاستی نیشانەی (٠،٠٥) لەنێوانی ناوەندی جیاوازی نمرەکانی هەڵسەنگاندنی زیرەکی لای قوتابیانی کۆمەڵی تاقیکراوەکان کە خوێندویانە بەپێی ستـراتیجی فێربوونی هەرەوەزی وە قوتابیانی کۆمەڵی تاقیکراو کە هەمان مادەیان خویندووە بە ڕێگەی ئاسـایی). وە دوای ژماردنی ناوەندی ژماردن و لادانی پێوەری هەردوو کۆمەڵەکە لە هەڵسـەنگاندنی پێوەری زیرەکی وە هەژمارکردنی نرخی تائی وە پێداچوونەوە ی خشـتەیی لە ئاستی ئاماژەی (٠،٠٥) وە بەرامبەربە نمرەی سەربەست (٤٠) زانیارییەکان ڕوونکراونەتەوە لە خشتەی (٦).

خشتەی (٦)

ناوەندی ژمارەیی و لادانی پێوانەیی لە تاقیکردنەوەی پێشەکی لە نمرەکانی هەڵسەنگاندنی بەپێوەری زیرەکی ویکسلر بۆ هەردوو کۆمەڵەی تاقیکراوەکان و کۆنترۆڵکراوەکان

| لایەنەکانی پێوەری زیرەکی | کۆمەڵەکان | ژمارەی تاکەکان | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | نرخی ت هەژمار کراو | نرخی ت خشتەیی | نمرەی سەربەست | نیشانە لە ئاستی (٠،٠٥) |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| پێوەری زیرەکی زانیاری گشتی | تاقیکراو | ٢١ | ٢٤،٩٥٢ | ٣،٠٥٧٣ | 3.491 | 2.021 | ٤٠ | ئاماژەدارە |
| | کۆنترۆڵکراو | ٢١ | ١٩،٥٧١ | ٣،٠٠٩ | | | | |

| | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| وەرگرتن | تاقیکراو | ٢١ | ١٠,٦٦٦ | ١,٧٧٠ | 3.912 | 2.021 | ٤٠ | ئاماژەداره |
| | کۆنترۆڵکراو | ٢١ | ٧,٨٠٩ | ٢,٦٣٨ | | | | |
| ژماردن | تاقیکراو | ٢١ | ١٢,٥٢٣ | ٢,٤٤١ | 3.44 | 2.021 | ٤٠ | ئاماژەداره |
| | کۆنترۆڵکراو | ٢١ | ٨,٢٣٨ | ٢,٨٩٦ | | | | |
| تاکەکان | تاقیکراو | ٢١ | ٦٢,٢٨٥ | ١٠,٨٨١ | 3.53 | 2.021 | ٤٠ | ئاماژەداره |
| | کۆنترۆڵکراو | ٢١ | ٤٧,٧١٤ | ٩,٦٦٥ | | | | |
| دووبارەکردنەوەی ژمارەکان | تاقیکراو | ٢١ | ١٢,٤٢٨ | ١,٣٩٨ | 3.79 | 2.021 | ٤٠ | ئاماژەداره |
| | کۆنترۆڵکراو | ٢١ | ٩,٣٨٠ | ٢,٠٦٠ | | | | |

دەردەکەوێ لە خشـتەی (٦) کە خوێنکاران لە کۆمەڵەی تاقیکراوە سـەرکەوتن بەسـەر کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو، کە دەرکەوت ئەنجامەکان لە نرخی تائی هەژمارکراو بە نمرەی ئازاد (٤٠) دەردەکەوێت کە گەورەترە لە نرخی خشـتەیی، ئەمەش دەری دەخات کە نیشـانەیە بۆ بوونی جیاوازی نیشـانەی ئاماری لەمابەینی کۆمەڵەکان لە زیرەکی وەە لە بەرژەوەندی کۆمەڵی تاقیکراوەکان،بەوەش ڕەتی دەکەینەوە سـەپاندنی سفری وە ڕازی ئەبین بە سـەپاندنی لەجیاتی کە دەقەکەی دەڵێت:

جیاوازی هەیە لە نیشانە ئامارییەکان لە ئاستی نیشانەی (٠،٠٥) لە بەینی ناوەندی جیاوازی نمرەکانی هەڵسەنگاندنی زیرەکی لای خوێندکارانی تاقیکراوەکان کە خوێندوویانە بەپێی سـتراتیجی فێرکردنی هەرەوەزی و خوێنکارانی کۆمەڵی کۆنترۆڵکراو کە خویندوویانە هەمان مادده بە رَێگەی ئاسایی ستراتیجی فێرکردنی هەرەوەزی ڕۆڵی هەیە لە پێدانی هەلی گفتوگۆ و بیرکردنەوەی ئاڵوگۆڕ و ڕیکخسـتنی زانیاری، بەوەش خوێنکار ان لە سـتراتیجی فێربوونی هەرەوەزی ئەزانن چی و چۆن فێردەبن، ئەمەش یارمەتی بەزکردنەوەی ئاستی زیرەکییان دەدات.

بەشداریکردنی کۆمەڵەکان لە ئامادەکردنی گرنگیە داواکراوەکان لەپەڕەی ئیشکردن بە دەستی نەهێناوە ناوەڕۆکی بابەتەکە بەڵکو یارمەتی لەسـەر گەشـەی زیرەکی لای خوێنکارەکان هەبووە، زۆربەی ئەو پرسـیارانەی خوێنکاران دەیکەن بۆچی و چۆن سـەرەڕای پرسـیارەکانی بەینی تاکەکانی ئەو کۆمەڵەیەی کە بەشـدارە لە وەرگرتنی زانیاری و شارەزایی لە یەك کاتدا لەبەر ئەوەی کە بە خراپی زانستەکان و زانیارییەکان وەرناگرێ کە مامۆستا پێشکەشی دەکات بەڵکو بەشـداربو یەکی چالاکە لە کاری فێربوون. سـتراتیجی فێربوونی هەرەوەزی توانای داوە بە خوێنکار بۆ بەکارهێنانی وزەی لاشـەیی و ژیری بەردەوام و هاوکاریکردن لەگەڵ هاوڕێکانی، بۆ بەدەسـتهێنانی ئامانجی تایبەت بەوانە یان پێکهاتەی زانسـتی سـتراتیجی فێبوونی هەرەوەزی خوێنکارەکان دەردەهێنێت لە حاڵەتی جۆری کە ڕاهاتوون لەسەری لە ناو پۆل (وەرگرتنی زانیاری وە گوێ گرتن بۆ ئەوەی مامۆستا دەیلێت) بۆ حاڵەتی تازە لە چالاکی و گفتووگۆ و ئەنجامدانی تاقیکردنەوە و خوێندنەوەی کار لێکراو.

**دەرئەنجامەکان:**

لەرۆشنایی ئەنجامی لێکۆڵینەوە گەیشتین بەم دەرئەنجامانەی خوارەوە:

• ستراتیجی فێرکردنی هەرەوەزی ویستگەی زانستی باشترە لە ڕێگەی ئاسایی لەگەشەکردنی زیرەکی لای خوێندکاران بۆ پۆلی چوارەمی بنەڕەتی لەبابەتی زانست.

• ستراتیجی فێربونی هەرەوەزی ئامادەی کرد بۆ خوێندکاری توانای بەکارهێنانی ووزەی لاشەو ژیری لەگەڵ هاورێکانی بۆ بەدیهێنانی ئامانجی تایبەت بەوانەو پێکهاتەی زانستی.

• ستراتیجی فێرکردنی هەرەوەزی خوێندکارەکانی دەرکرد لەجۆری ئەوەی کە ڕاهاتبوون لەسەر ژووری پۆل (زانیاری وەرگرتن لەوەی کە مامۆستا دەیڵێت) بۆ حاڵەتی تازە بەچالاکی و گفتوگۆو تاقیکردنەوەوخوێندنەوەو کارلێکردن.

**ڕاسپاردەکان:**

- بەکارهێنانی ستراتیجی فێربوونی هەرەوەزی لەوانەووتنەوەی بابەتی زانست.
- بۆلایەنی پەیوەندیدار کەخولی ڕاهێنان بکەنەوە بۆ مامۆستایان لەکاتی خزمەت کردن لەهەریەك لەوەزارەتی پەروەردە کە مامۆستایان ئاشنابکەن بەستراتیژی نوێی وانەووتنەوە کە فێرکردنی هەرەوەزی یەکێکە لەو ستراتیژانە.
- ڕاهێنانی مامۆ ستایان پێش خزمەت وەلەکاتی خزمەتکردندا لە سەر شێوەی دیزاینی وانەی فێرکاری بەپێ ی ستراتیجی فێربونی هەرەوەزی بۆ هەموو قۆناغەکانی فێرکردن.

**پێشنیارەکان:**

بۆ تەواوکردنی توێژینەوەی ئێستا پێشنیار دەکەین کە توێژینەوەی داهاتوو بکرێ کە ئەم ئامانجانەی هەیە:

- کاریگەری ستراتیجی فێربوونی هەرەوەزی لەگەشەکردنی بیری زانستی.
- ئەنجام دانی توێژینەوەی هاوشێوە لە قۆناغە جیاجیاکانی خوێندن.

**سەرچاوەکان**

**سەرچاوە کوردییەکان:**

١. محمد، ئەحمەد عەلی ئەلحاج. (٢٠٠٣). فەلسەفەی پەروەردە. چاپی یەکەم، سلێمانی. (وەرگێڕانی محمدأمین قرداغی).

٢. عزیز، کریم احمد (٢٠١٤) بنەما گشتیەکانی ڕێگاکانی وانە ووتنەوە.چ١، چاپخانەی نارین هەولێر.

٣. قرەچتانی، کریم شریف. (٢٠١١)، ساکۆلۆژیای گشتی، چاپی سێیەم، سلیمانی.

٤. قەرەداغی، سروە نوری. (٢٠٠٧). سیستەمی فێرکاری، چاپی سێیەم،سلێمانی.

**سەرچاوە عەرەبییەکان:**

١. مرکز نون، (٢٠١١)، استراتیجیات الحدیثة. دارالکتب، جامعة بیروت.

٢. مراد. (٢٠١١). (أثر التعلم التعاوني على التحصـيل المدرسـي والميول الدراسـية لمادة الرياضـيات لدى تلاميذ المتأخرين)، بحث.

٣. عمر، (٢٠٠٠). (أثر التعلم التعاوني على تعلم واحتفاظ طلاب العلوم بكلية المعلمين بالرياض لمفاهيم الرياض). بحث

٤. الأسـطل، (٢٠١٠). (الذكاء العاطفي وعلاقته بمهارات مواجهة الضـغوط لدى طلبة كليات التربية بجامعات غزة)، بحث.

٥. اللويحان، رغد (٢٠١٤) الأختبارات الاحصائية، البحث العلمي، تصميم البحث.

٦. رابع، (٢٠١١). (الذكاء الوجداني وتأثيره على طلاب بعض الجامعات في ولاية(خرطوم في سودان)، بحث.

٧. مصطفى، الديب محمد. (٢٠٠٥). علم النفس التعاوني. ط١، عالم الكتاب: القاهرة.

٨. ويكسلر، دافيد، (٢٠٠٣)، مقياس ويكسلر للذكاء الاطفال (ويسك-٤)، ط٤، شركة بيرسون.

٩. ياسين، عطوف محمود، (١٩٨١)، اختبارات الذكاء والقدرات العقلية، ط١، دار الاندلس، بيروت، لبنان.

١٠. السـيد، بشـرى مصـطفى، (٢٠٠٣)، اسـتراتيجيات تعليمية تسـاهم فى تنمية التفكير الابداعى شـبكة الانترنيت http://20har.8m.com

١١. سـليم، فداء اكرم (٢٠١١) أثر اسـتخدام العصـف الذهني في التحصـيل مادة خرائط التدريس و تنمية التفكير العلمي، مجلة علوم تربية الرياضية، العدد الثاني، المجلد الرابع.



***JZSB*** p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034